
نووسەر:
شەریف عەرەفە

دوای پێگەیاندنی خۆت،
چۆن دەبیت بە مرۆڤ



وەرگێڕانی:
وەهاب حەسیب محەمەد

32907

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: دوای پێگەیاندنی خوێت، چۆن دەبیت بە مرۆڤ
نووسەر: شەریف عەرەفە
وەرگێرانی: وەهاب حەسیب محەمەد
تایپ‌و هەڵەچن: وەهاب حەسیب محەمەد
دیزانی بەرگ و ناوەوی کتێب: فەهمی جەلال تۆفیق
چاپخانە: کتێبخانەی یادگار
ساڵی چاپ: ٢٠١٩
تیراژ: ٥٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتێکان ژمارە سپاردن
(١٩١٦) ی ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە
لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار ــ سلێمانی

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ئەم پەرتووکە گفتوگۆی دەستەواژەیەك دەکات لەو ڕۆژەی ئادەمیزاد دروستبووە هەوڵدەدات واتایەك بۆ ژیانی بدۆزێتەوە. کتاوەکە لە بەشی باوەڕدارێتیدا دەڵێت: گشت شارستانێتەکان ئاینیان ناسیووە، بۆ باوەڕهێنان بە شتێك شیکاری ئامادەباشی دەروونیشان کردووە، تەنانەت گفتوگۆی بیرۆکەی هەندێ زانای کردووە کە گریمانەی ئەوەیان بردووە ژیان لە بێگیانەکانیشدا هەیە، باوەڕێکی نا هۆشیارانە تا ئێستا پاشماوەی لە هزری هەمووماندا ماوە.

نووسەر باسی تیۆرێکی کردووە پێیوایە دینداری لە بوهێل (جینات) ی مۆخدایە بە بوهێڵی خودا ناسراوە. کارێکە پەیوەستە بە شکۆی خودەوە وەك هەستکردن بە یەکێتی گەردون و بیرکردنەوەی داهێنەرانە. گفتوگۆی ئەو بابەتە دەکات و دەڵێت: بوهێڵی خودا وەهمەو هیچ پەیوەندیەکی بە پەروەردگارەوە نییە، تەنانەت بە هەندێ خەسڵەتی ئاکاری و ڕەفتاریشەوە.

کتێبەکە ئاماژە بۆ بوارێکی زانستی نوێدەکات ئەویش زانستی تۆندڕەوی ئاینییە، باس لەوە دەکات مرۆگەل لە ڕۆژگاری ڕابردوودا لە شیکاری دیاردەکانی گەردووندا کاڵفامبوون، بۆیە شیکاریان کردووە بە خوداکان، ڕۆحەکان و ئەو شتانەی پەنهانن، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە ئاین بەربەستنییە لە بەردەم دەلاقەکانی

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زانیندا. بەڵکو زۆرێك لە زانایان باوەڕیان بە پەروەردگار هەبووە. ئەنیشتاین ئەو قسەی ڕەد کردۆتەوە کە پێوایە گەردونو کاری گەردون هەڕەمەکییە، ئەو دەڵێت: خودا یاری بە زار ناکات. واتە پەروەردگار ئەم گەردونە بە یاسایەکی پتەو بەڕێوەدەبات نەك بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە.

نووسەر تۆندئاژۆی ئاینی هێناوەتە ناوباس، ڕای وایە هەرکەس ئەم چەمکەی داهێنا هەڵەیە، چونکە ئاینێکی ئاسمانی یان ڕۆحانی نییە باسی لێبوردەیی نەکردبێ، بۆیە تۆندڕەوی خەسڵەتی کەسەکانە. کەسێك کاتێك بە وەلەد دەبێت ئەو خەسڵەتە لە بوهێڵەکانیدا دەگوازرێنەوە، دواتر ئەو بە دوای ڕێبازێکی تۆندئاژۆدا دەگەڕێت تا خۆی تیادا دەبینێتەوە. ڕێبازەکە ڕامیاری، ئاینی یان کۆمەڵایەتییێت.

لێکۆڵینەوەکان پشتڕاستیانکردۆتەوە پەیوەندیەکی تۆندووتۆڵ لە نێوان تەندروستی دەروونیو باوەڕدا هەیە، ڕازیبوونی دەروونیو ژیانێکی باش پەیوەندیان بە باوەڕەوە هەیە.

بەشێکی کتابەکە تایبەتە بە کرانەوەی هۆش کە هەڵگری بیری زۆرو زەوەندە، مەردم بۆ سۆزو خۆشەویستی دروستکراوە، پەرگیری خانەکانی میشك دەپوکێنێتەوە، هەروەسا کاریگەریان بە سەر بیرەوە هەیە، فێربوونو جەختکردنەوە دەشێت مرۆ تووشی بێهوایی و نەتوانایی بکات. بە پێچەوانەی تێکەڵاوبوون

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ڕەگە دەمارەکان زیاد دەکەنو شادی بەخشن بە دڵ. لە ئەنجامدا مادەی دوبامین لە بیردا زیاد دەکات کە بەرپرسە لە خۆشیو شادی. تۆندناژۆی ڕادیکاڵیو خۆسەپاندن تەنها بیر ڕەقییە، وەك ئەبووحامیدی غەزالی دەڵێت: ئەوی گومان نەبات نابینێت، ئەو کەسەی نەبینێت نا بیستێت، هەرگەسیش گوێ ڕانەدێرێت لە دۆڵو شێوەکانی نەزانیندا سەرگەردان دەبێت.

هەرچەند ڕۆشنبیر و زانا بیست خۆزاکی مێشکت زانێتو زانیاریيە. بیر دەکەوێتە دۆخێکی گونجاوەوەو توانای قبوڵکردنی ڕای دیکەی دەبێت. برانتد ڕاسڵ دەڵێت: بە پێچەوانەی زیرەکەکانەوە زۆربەی کات لە گومانداندا گێلەکان چێڕ لە یەقین وەردەگرن. نووسەر کورتەیەكو چۆنێتی بیرکردنەوەی ئەرێنی خستۆتە بەرچاوی خوێنەر.

هەرچی ئەو بەشەی باس لە جوانیدەکات، بەراستی جوانو چێڕ بەخشە. چونکی هەرکەس چێڕ لە جوانی ببینێت دەبێتە خاوەن جەستەو دەروونێکی تەندروست. تا ڕادەیەکی زۆر قایل دەبێت بە ژیان و دڵەڕاوکیو خەمۆکی کەمتردەبێت. نووسەر ئەو ڕێگایانەی باسکردووە تیادا چێڕ لە جوانی دەبینین، تەنانەت هەڵسەنگاندی دەروونی دەکات تا ئاستی چێڕ دیاریبکات.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library